# بێیکەر هاملتۆن: گەڕان بە دوای ئاژاوەگێڕی

## ▪ بەشی دووەمو کۆتایی ▪

نووسینی: ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی

Ismail_rwandzi@yahoo.com

لە سەردەمی شەڕی ساردا هیچ شتێک بۆ ئەمریکا لە شکستپێهێنانی یەکێتیی سۆڤیەت پیرۆزتر نەبوو. لەو سەردەمەدا، کرۆکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەر بنچینەی "پاراستنی ئاسایش بە هەر نرخێک" لەو وڵاتانەی کە لە بازنەی جەمسەری ڕۆژئاوا دەخولانەوە، بنیاتنرابوو. لێرەدا بوو کە ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پاڵپشتی ماددیو مەعنەویو سەربازی ئەمریکا بەهرەمەند بوون. تەنانەت دوای کۆتایی شەڕی ساردیش ئەمریکا کرۆکی ستراتیژی خۆی نەگۆڕیو بەردەوام بوو لە هەڵسەنگاندنی مەسەلەکان بە هەمان عەقلیەتی شەڕی سارد. ڕاستە ئەمریکا کۆمەڵێک ئامرازیتری، لە بابەتی گەمارۆی ئابووری، لە پەیوەند بە ملکەچ پێکردنی وڵاتانی نەیار بەکارهێنا، بەڵام ئەمریکا هێشتا تێنەگەیشتبوو کە جیهانی دوای شەڕی سارد، جیهانێکی تەواو جیدیەو یاساکانی یاریکردنیش گۆڕانێکی تەواویان بەسەر هاتووە. هۆی نەگۆڕینی ستراتیژی ئەمریکاش بە باوەڕی من دەگەڕایەوە بۆ دوو شت:

**یەکەم**: ئەگەرچی سەرۆک "بۆش"ی باوک لە ساڵی 1991 مزگێنی دەرکەوتنی "نەزمی نوێی جیهانی"دا، بەڵام دۆڕاندنی کۆمارییەکانو سەرکەوتنی دیموکراتەکان لە هەڵبژاردنەکانی 1992 و بوونی کەسێکی خاوەن کاریزمای وەک "بیڵ کلنتۆن" بە سەرۆکی ئەمریکا، پرۆسەی شکلگرتنی ستراتیژێکی نوێی گونجاو لەگەڵ جیهانی دوای شەڕی سارد، زۆر هێواش کرد، بۆچی؟ چونکە لە بنچینەدا بیرۆکەی "نەزمی نوێی جیهان" بیرۆکەیەکی کۆمارییەکان بوو نەک دیموکراتەکان، سەرباری ئەوەش لە لایەک، مێژووی دیموکراتەکانی ئەمریکا بریتییە لە پەیرەوکردنی سیاسەتی "نە شیش بسووتێو نە کەباب"، کە ئەمەش لە پراکتیکدا مانای ڕازیکردنی دیکتاتۆرەکانو سپاردنی مەسەلەی دیموکراتیزەکردن بە نادیارو کردنی بە پلە دەیەم لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا بوو، هەربۆیە دیموکراتەکان زۆر دڵیان بە مەسەلەی دیموکراسی و دیموکراتیزەکردنی وڵاتە تۆتالیتارەکان، لە ڕێگەی دەخالەتی ڕاستەوخۆ، خۆش نەبوو. وە لە لایەکیتر، دیموکراتەکان هەر لە سەرەتاوە ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی دوای شەڕی ساردییان بە قەدەر کۆمارییەکان هەست پێنەکردبوو، هەربۆیەش ئەوان لە جیاتی دەستنیشانکردنی سوودەکانی دیموکراسی لە درێژماوەدا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوا دیلی ڕێکەوتنی کورت بینانەو ئۆپۆرتۆنیستانە بوون لەگەڵ دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە، کە دوایش ئەنجامی سیاسەتەکەیانمان بینین لە گەشەی تیرۆریزم

لەئەفغانستانو تەقاندنەوەی سەفارەتی ئەمریکا لەکینیاو دەرکردنی سەرشۆڕانەی ئەمریکا لە سۆماڵو ڕوودانی کارەساتی 11 سێپتێمبەر.

**دووەم**: ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەتو هەستی سەرکەوتن وای لە ئەمریکا کرد کە لە خۆ بایی ببێ، بە جۆرێک کە زۆرلایەن لە ئەمریکا وای لێکدەدایەوە کە ئیتر لەمەودوا هیچ کەس لە جیهاندا جورئەتی دژایەتی کردنی ئەمریکا ناکا. بە واتایەکیتر نۆشینی پێکی سەرکەوتن، ئەمریکای وا سەرخۆش کردبوو کە بە ڕادەی پێویست هەست بە مەترسیەکانی داهاتوو نەکا. بەڵام ئەم وەهمەی ئەمریکا زۆری نەخایاند، وەک دوایی بینیمان کە کابوسی 11 سێپتێمبەر چۆن ئەمریکای لەم خەونە خۆشەی ڕاچلەکاند.

## پاشەکشە هەڵەیە، بەس ئێراقی دوای کشانەوە تراژیدیایە

ڕووداوی 11 سێپتێمبەر واقعێکی سەخت بوو بۆ ئەمریکا، تەنانەت ماوەی چەندین مانگ بوو ئەو وڵاتە مەزنو بەهێزە پەشۆکابوو، چونکە خودی ڕووداوەکە ئەوەندە کاریگەرو لە ناکاو بوو، چاودێرانیشی تووشی شۆک کردبوو، بۆیە ئەمریکا پاش ئەم ڕووداوە دەبوایە بە ستراتیژ و سیاسەتی خۆی بچێتەوە. ئەوەی جێی سەرسووڕمانە، چۆن تا ئیستا ڕووداوەکانی 11 سێپتێمبەر نەیتوانیوە عەقلیەتی دونیای دوو جەمسەری شەری ساردی کەسانی وەک بێیکەرو هامڵتۆنو قوتابخانە فکرییەکانیان بگۆڕیو تێیانبگەینێ کە کاکە گیان، 11 سێپتێمبەر ڕووداوێکی ئاسایی نەبوو بەڵکو کۆتایی دەورەیەکی مێژوویی بوو. ئەمڕۆ، جیهان ڕووبەڕووی شەڕی تیرۆرە، بەس تیرۆری ئەمڕۆ وەک هی دوێنێ نییە، تیرۆری ئەمڕۆ ڕەنگە دەستی بە چەکی ئەتۆمی بگاو بەکاریشی بێنێ، بەمەش نەک تەنیا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو ڕۆژئاوا دەکەوێتە مەترسییەوە بەڵکو خودی بوونی شارستانییەتی ڕۆژئاوا ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە. لێرەدایە کە پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئێراق تەنها مەترسی نییە بۆ سەر نەتەوەی کورد بە تایبەتیو ئازادیخوازانی ئێراقی بە گشتی، بەڵکو ڕەنگە ئاوابوونی هەژموونی سیاسی ئەمریکا لەسەر ئاستی ئێراقو ناوچەکەی لێبکەوێتەوەو تەنانەت جێگەوڕێگەشی وەک تەنیا زلهێزی جیهانی ئەمڕۆ بکەوێتە چوارچێوەی گومانەوە. بۆیە دەبینین کە گەمژەیی سیاسی لێژنەی بێیکەر-هامڵتۆن تەنیا لە پێشنیارەکانیدا دەرناکەوێ بەڵکو خودی عەقلیەتی کورت بینی ئەم لێژنەیە لە مەزاجی جەماوەرو تێنەگەیشتن لە یاساو ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی دوای 11 سێپتێمبەریشەوە سەرچاوەی گرتووە. ئاخر دەوڵەتە زلهێزەکان نابێ بەرنامەو ستراتیژیان تەنها پەیوەست بێ بە بوونی مەترسی ڕاستەخۆ لەسەر ئاسایش ناوخۆو دەرەوەیان بەڵکو زلهێزەکان دەبێ ستراتیژیان لەسەر ئیمکانو چانسی ڕوودانو بوونی مەترسی دادەمەزرابێ. هەربۆیە حەماقەتێکی گەورەیە ئەگەر ئەمریکا پاشەکشە لە ئێراق، بەبێ سەرکەوتن، بکات. کەوتنی دەوڵەتێکی نەوتیو دەوڵەمەندی وەک ئێراق بە دەستی ئیسلامییە ڕادیکالو شۆڤێنیستو فاشیستەکان مانای بەهێزبوونی هێزە تیرۆریستەکانو شکستی ئەمریکا لە

شەڕی دژە تیرۆرو بێهێزبوونی نفوزی سیاسیو ئابووریشیەتی لە ناوچەکەدا، کە ئەمەش هیچ چارەیەکیتر بۆ ئەمریکا لە ڕاستای پاراستنی سەرچاوەکانی ووزەی ناوچەکە، کە ئەمریکا پێویستیەتی بۆ مانەوەی وەک زلهێزێکی جیهان، ناهێڵێتەوە، بێجگە لە گەڕانەوەی ئەمریکا بۆ ناوچەکە لە چوارچێوەی شەڕێکی ناوچەیی خوێناویتر لەوەی پێشوو، کە پێموایە لە حالەتی ڕوودانی سیناریۆیەکی وادا ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە جوگرافیای ناوچەکەش لەگەڵ خۆی دێنێ.

## چی بکەین؟

لەگەڵ پشتگیری بەهێزو هاودەنگیم بۆ هەڵوێستە دروستو بەهێزەکانی سەرۆکایەتی کوردستان لە بەرامبەر پێشنیارەکانی ڕاپۆرتی لێژنەی بێیکەر-هامیلتۆن، بەس بە پێویستم زانی سەرنجی کوردو سەرۆکایەتی سیاسی کوردستان بۆ چەند خاڵێکی گرنگ ڕاکێشم:

1- ڕاستە پێشنیارەکانی لێژنەی بێیکەر-هامیلتۆن سەروەری نیشتمانی کوردستانو تراژیدیاکانی نەتەوەی کوردو ئامانجەکانمانی فەرامۆش کردووە، بەڵام نابێ چەند پێشنیارێکی ئاژاوەگێرانەوەو زاڵمانەی چەند کەسێکی گەمژەو خەرەفاوی سیاسی بمانخزێنێتە سەنگەری دوژمنە ڕاستەقینەکانمان، کە خۆیان لە شۆڤێنیستە عەرەبەکانو بزووتنەوە ئیسلامیو شۆڤێنیستە-ئیسلامییەکانو تیرۆریستەکان دەبیننەوە. نابێ بپەشۆکێین و سەرمان لێبشێوێ. ساڵێک لەمەو بەر لە نووسینێکم بەناونیشانی "ستراتیژی نوێی ئەمریکا و جێگەوڕێگەی کورد" لە بەرمبەر پرسیاری، ئایا کورد دەبێ بە هەموو قسەکانی ئەمریکا باوەڕ بکا؟ نووسیم، {نەخێر، نابێ کورد و ڕابەڕایەتییەکەی باوەڕ بە هەموو شتێکی ئەمریکا بکا بەڵام دەبێ هەموو شتێکی ئەمریکاش ڕەتنەکاتەوە، پێویستە کورد قبولی نیەتە باشەکانی ئەمریکا بکاو هەڵسووکەوتی چاودێری بکاو بە شێوەیەکی ئاشتیانەش، تا ئەو کاتەی ئیمکان هەیە، هەوڵی گۆڕینو ڕاستکردنەوەی ئەو سیاسەت و بڕیارانە بدات کە لەگەل ئامانجەکانی کورد نایەنەوە}، ئەمڕۆش دەڵێم، کە نارەزایەتی کورد بەرامبەر ئەم ڕاپۆرتە دەبێ ئامانجدارو ووشیارانە بێت، دەبێ خۆمان دوور بگرین لەگووتاری سیاسی ئایدۆلۆژیانەو دووبارە کردنەوەی هەڵەکانی سەردەمی شەڕی سارد. دەبێ گووتارمان گووتارێکی پڕ لە هیواو سەرکەوتنو دوور بێت لە هەستی قوربانی بەردەوامو بێکەسی کە بێجگە لە بەهێزکردنی بێئومێدی ڕەنگە سوودیتری بۆمان نەبێ، دیتنی خەباتی سیاسی نەتەوەییمان بە تونێلێکی تاریکو درێژی بێکۆتایی هەستی بەرگریو خەباتمان بێهێز دەکاتو ڕەنگە وورده وورده بەرەو کاردانەوەی خۆکوژانەو ناووشیارانەمان بەرێت، کە لەجیاتی ڕوونترکردنی ئاسۆکانمان، تراژیدیاکانمان زیاتر بکا.

2 ـ ئەگەر حکومەتی بۆش پێشنیارەکانی لیژنەی بێیکەر-هامیلتۆن تەبەنیش نەکات، ئەوا ئەم پێشنیارانە دەبێ زەنگێک بێت بۆ ئاگادارکردنەوەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە مەترسییەکانی داهاتوو. کوردو سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەبێ لە داهاتوویەکی نزیک چاوەڕێی باروودۆخێکی سەخت بکەن، جونکە عەقلیەتێک کە ڕاپۆرتی بێیکەر-هامیلتۆنی پێنووسراوەتەوە دەربڕی بەشێکی گرنگ لە مەزاجی سیاسیو جەماوەریو نوخبەیەکی بەرچاوو کاریگەری ئەمڕۆی ئەمریکا دەکاتو نوێنەرە ڕاستەقینەکانیشی لە نێو دیموکراتەکانی ئەمریکادان، کە چاوەروان دەکرێ لە هەڵبژدانەکانی سەرۆکایەتی ساڵی 2009 ببنەوە. پێموایە ئەجنداو ستراتیژی دیموکراتەکانی ئەمریکا زۆر یەکناگرنەوە لەگەڵ ئامانجەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستان.

3 ـ هێزە تیرۆریستەکانو هەموو ئەو هیزە شۆڤینیستو کۆنەپەرستو دژی مرۆڤایاتیانەی کە پێیان دەوترێ "مقاومە"، لە چوارچێوەی ململانێی ئەجندە ناوچەیی‌و جیهانییەکان بوونو بەردەوامی خۆیان پاراستووە. قەیرانی پرۆژەی ئەمریکا لە ئێراقو چەندین مەسەلەی‌تری لە بابەتی کێشەی ئەتۆمی ئێرانو کێشەکانی لوبنان...هتد لە بنچینەدا سەرچاوەکەی دەبێ لە نارازایبوونی وڵاتەکانی وەک رووسیاو چین لە پرۆسەی سیاسی ئێراقو ستراتیژی ئەمریکا، ببینرێ. من نازانم ڕووسیاو چین تا چەند ڕاستەخۆ دەستیان لە پاڵپشتیکرنی تیرۆریستەکانو نانەوەی پشێوی لە ئێراقدا هەیە، بەڵام گومانم نییە کە ڕووسیاو چین تا ڕادەکیش فەرەنسا یارمەتی سەقامگیربوونی بارووەدۆخی سیاسی ئێراق لە ئاستی ئەنجومەنی ئاسایشو نێودەوڵەتییەوە نادەنو ئارامکردنەوەی بارووەدۆخی ئێراقیان لە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسی ئێستای ئێراق بە قازانج خۆیان نابینن. هەربۆیە بەردەوام دەبینین چینو رووسیا ڕێگرن لەبەردەم دەرچوونی بڕیاری توندو یەکلاکەرەوەی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە وڵاتانی وەک ئێرانو سووریاو سودان. رووسیا خەریکە نفوزی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە سوود وەرگرتن لە بەهێزی هەستی دژی ئەمریکایی لە ناوچەکەو بوونی هێزە تیرۆریستەکانو تەنگەژەی ستراتیژی ئەمریکا، گەشە پێدەدات. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە کورد لەم نێوەدا چی بکات؟ بە باوەڕی من ڕاپۆرتی بێیکەر-هامیلتۆن نموونەیەکی باشە بۆ ئەوەی تێبگەین کە چۆن هەندێک جار هاوسەنگییەکان وا سەرسوورهێنەر ڕەنگە بگۆڕێن کە ڕووبەڕووی مەترسی گەورەمان بکاتەوە، هەربۆیە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەبێ حیساب بۆ مێوانە نوێیە کاریگەرەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، وەک رووسیاو چین، بکاتو لەم نێوەدا کورد پێویستە سیاسەتی پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ لایەنە زلهێزە دژ بەیەکەکانی ناوچەکە لە چوارچێوەی ستراتیژی نەتەوەیی یەکگرتووی خۆی برەو پێبداو نابێ لە هیچو خۆڕاو لەبەر خاتری کەسانی‌تر دوژمنایەتی هیچ کەسێکو لایەنێک بکات.

**دوا ووتە!**

لە کۆتاییدا دەمەوێ بلێم، کە ڕاپۆرتەکە بە عەقلیەتی لەبەرچاوگرتنی بەرژوەندییەکانی وڵاتانی دراوسێی ئێراقو بیری شۆڤێنیزمی عەرەبی نووسراوەتەوە. بەڕاستی جێی سەرسوڕمانە کە ڕاپۆرتەکە تەواو فەرامۆشی ئیرادەی ئێراقییەکانی لە نووسینی دەستوورو هەلبژاردنی پەرلەمانو سەروەری سیاسیو پرۆسەی سیاسی ئێراق، کردووە. لەهەمووشی گرنگتر دوژمنایەتیێکی توند لە ڕاپۆرتەکە بەرامبەر بە مافەکانی نەتەوەی کورد لە سەروەری سیاسیو جوکرافیاییو ئابوورییەوە دەبینرێ. ڕاپۆرتەکە لە ئەلفیەوە تا یائەکەی سوودێکی بۆ کورد تیا نییە، بێجگە لەوەی رەنگە ڕاپۆرتەکە  وشیارکرنەوەیەک بوو بێت بۆ کورد لە مەترسییەکانی بەردەم خەباتی خۆی بۆ بەدەستهێنانی مافو سەروەری سیاسی.

نایشارمەوە کە کاتێک ڕاپۆرتەکەم خوێندەوە وەڵامی ئەو پرسیارەم دەست کەوت: بۆچی دەوڵەتە مەزنو زلهێزەکان لە مێژوودا لەناوچوونو شکستیان خواردووە؟ ئایا ئێستا پاش خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لێژنەکەی بێیکەر-هامیلتۆن مافی ئەوەم نییە بپرسم: ئەرێ گەلۆ، بە سوورانەوەی ئەو هەموو گەمژە سیاسیانە لە کۆشکی سپیو پێنتاگۆنو کۆلانەکانی واشنتۆن، دەبێ بە دووری بزانین ملی زلهێزێکی وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە لە مێژوودا بوونی نییە، لە ئێراق لە زەوی بدرێ؟!!

15 دێسەمبەری 2006 ـ هۆڵەندا

ـ کۆتایی ـ